پۆلیسی هەندا شەڕکی فەنسی ڕاگرت کە دوو تابوتی بارکردبوو کە ماددەی هۆشبەری کۆکایینی تێدابوو

پۆلیسی هەندا شەڕکی فەنسی ڕاگرت کە دوو تابوتی بارکردبوو کە بڕێکی زۆر ماددەی هۆشبەری کۆکایینی تێدابوو لەسەر ڕێگای خۆرای باشووری ڕۆتردام دوای ئەوەی گومانی لێخۆینی لەسەر کرابوو. شەڕکەکە گوتوویەتی: دوو تەرمی گواستۆتەوە کاتێک درێنگانی ڕۆژی هەینی ڕابردوو 13ـی کانوونی یەکەم ڕاگیرا، بەڵام نێیتوانیوە بڕگەی پێویست پێشکێش بکات بۆ پشتڕاستکردنەوەی کە لێناو تابووتەکان تەرمی تێدایە، هەر بەمەش، پۆلیس دوای گومانی تابووتەکانی کردەوە و دوای کردنەوەی تابووتەکان جانتای وەرزشی کە نزیکەی 250 کیلۆگرام کۆکاین تێدابوو کە نرخەکەی نزیکەی 14 ملیۆن دۆلار دەزیەوە. وتەبێژی پۆلیس دەڵێت: شەڕکەکە لە فڕۆکەخانەی بڕۆو هەندا بەڕێکەوتووە، بەڵام ئاگاداری شوێنی مەبەستی نەبووە، بەیاربوو نامەیەکی پێبگات لەلایەن بازرگانانی ماددەی هۆشبەرەوە کە شوێنی گەیاندنەکەی ئەو بڕەی ماددە هۆشبەر دیاری بکرێت، بەڵام دواجار پۆلیس هەوڵی قاچاخی ئەو ماددە هۆشبەرەیە پووچەڵ کردەوە.